# فیقهی ئاسان : پەرتووکی حەج

## دەروازەی چوارەم : چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرە

الفقه الميسر: كتاب الحج، الباب الرابع : في صفة الحج والعمرة

< kurdish - كردي - كوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرە دەکەین، بەو شێوەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەنجامی داون، هاوڕێمان بن تا کۆتایی بابەتەکە و لێمان دامەبڕێن تاوەکو سوند مەندبن .

ئەصڵ وبنەما لای زانایانی ئیسلام سەبارەت بەچۆنیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرە فەرمووده بەناوبانگەکەی جابری کوڕی عەبدوڵایە ( خوای لێ ڕازی بێت ) [1]، بەڵام ئێمە بەدواچونمان کرد بۆ تەواوی ڕیوایەتە ڕاست ودروست وصەحیحەکان کە لە پێغەمبەری خواوە ( صلی اللە علیە وسلم ) ڕیوایەت کراوە وثابت وجێگر بووە، لەکۆی گشت ئەو ڕیوایەتانەش ئێمە چۆنیەتی ئەنجامدانی حەج وعومرەمان بۆ پوخت کردونەتەوە، بەیارمەتی خوای گەورە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیخەینە بەردەست ئێوەی بەڕێز : -

هەرکاتێك ئەو کەسەی کە نیەتی ئەنجامدانی حەج یان عومرە یان هەردوکیان هەیە گەیشتە میقات، سوننەتە لەوێ خۆی بشوات، وە لاشەی خۆی پاك بکاتەوە لە هەموو چڵك وپیسی ولابردەنی مووی بن باڵ و مووی بەر وسمێڵی، لەگەڵ نینۆك کردنی ئەگەر نینۆکی هاتبوو، پاشان هەموو جلوبەرگێکی دوراو لەخۆی دادەماڵێت، وە پێش نیەتهێنان بۆنی خۆش لە لاشەی دەدات، وپیاوان دوو پارچە قوماشی سپی پاکوخاوێن لەخۆیان دەئاڵێنن کە پێیان دەوترێت ( إزار ورداء )، بەڵام ئافرەتان هەر بەجلوبەرگی

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1216) ڕیوایەتی کردووە .

ئاسایی خۆیانەوە یان هەر جلوبەرگێکی تر دەتوانن لەبەری دەکەن بەو مەرجەی سیفاتی پۆشاکی شەرعیان تێدا بێت .

پیاوان بە پشتە ماڵەکەیان ( رداء ) شان وپشتیان دادەپۆشن، وە ( إزار ) ــەکەش دەئالێنن لە کەمەرە بەرەوخواریان، پاشان نیەتی ئەو نوسوکە دەهێنێت کە دەیەوێت ئەنجامی بدات، ئەگەر وویستی نیەتی حەج دەهێنێت ودەڵێت (لبيك اللهم حجا )، خۆ ئەگەر بۆ عومرەش هاتبوو ئەوا نیەتی عومرە دەهێنێت ودەڵێت (لبيك اللهم عمرة )وە ئەگەر بە نیەتی حەجی تەمەتوع بوو ئەوا دەڵێت :(لبيك اللهم عمرة متمتعا بها إلى الحج )، خۆ ئەگەر نیەتی حەجی قیرانی هەبوو دەڵێت (لبيك اللهم حجا وعمرة )، وە بەو شێوەیە، وە باشتر وایە ئەگەر سواری ووڵاخەکەی، وە لەم سەردەمەدا ئەگەر سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو ئەمجا نیەت بهێنێت، وە ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی نیەتی ئیحرامی هێناوە وچووتە ناو ئیحرامەوە ترسی ئەوەی هەبوو کە لەبەر هەر رێگریەك وەك نەخۆشی یان رێگا لێگیران یان هەر شتێکی لەو شێوەیە نەیتوانی حەجەکەی یان عومرەکەی تەواو بکات ئەوا مەرج دابنێت وبڵێت **( اللهم محلي حيث حبستني )** واتا : ئەی خوایە ئەگەر هاتوو هەر رێگریەك هاتە پێشم لە تەواو کردنی حەجەکەم یان عومرەکەم ئەوا لەو جێگایەی کە رێگریم لێکراوە ئیحرامەکەم دەشکێنم، ئەگەر هاتوو ئەمەی ووت ئەو کاتە ئیحرامەکەی دەشکێنێت و هیچ خوێنێکیشی نایەتە سەر، بەڵام ئەگەر ئەوەی نەووت ئەوا، دەبێت ئیحرامەکەی نەشکێنێت تاوەکو ئاژەڵێك سەردەبرێت .

وە سوننەت وایە کاتێك نیەت دەهێنێت رووی لە قیبلە بێت، وە بڵێت : **اللهم هذه حجة لا رياء ولا سمعة**، واتا : ئەی خوایە ئەم حەجەم تەنها لەبەر تۆ بێت و بۆ ریا وروپامایی خەڵك و ناو ناوبانگ نەبێت، پاش ئەوە سوننەت وایە بەدەنگی بەرز دەست بکات بە ووتنەوەی ذیکری **( لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك )** هاوەڵانی بەرێز ئەمەشیان بۆ زیاد کردووە **(لبيك ذا المعارج، لبيك ذا الفواضل )**، وە سوننەتە کاتێك گەیشتە مەککە خۆی بشوات، جا

کاتێکیش کە ووویستی دەست بکات بە تەواف دەبێت دەستنوێژی هەبێت، وە سوننەتە پیاو ( **اضطباع** ) بکات، واتا : پشتە ماڵەکەی لە بنهەنگڵی شانی ڕاستیەوە بهێنێتەوە وبیدات بە سەر شانی چەپیدا، وە ئەگەر بۆیکرا دەست بدات لە بەردە ڕەشەکە وماچی بکات، ئەگەر بۆی نەکرا تەنها دەستی لێ بدات و دەستی ماچ بکات، خۆ ئەگەر نا ئەوا بەدەستی ڕاستی ئاماژە وئیشارەتی بۆ بکات وپێویست بەوە ناکات دەستی ماچ بکات، ئەوەی کە ووتمان هەموو شەوتێکی تەواف ئەنجامی دەدات، هەموو شەوتێکیش بە **(الله أكبر )** دەست پێدەکات، خۆ ئەگەر تەوافی بە **( بسم الله الله أكبر )** دەست پێکرد باشترە، جا کاتێك گەیشتە ڕوکنی یەمانی دەستی لێ دەدات ونابێت ماچی بکات، خۆ ئەگەر بۆی نەکرا دەستی لێ بدات پێویست بەوە ناکات ئیشارەت وئاماژەی بۆ بکات، وەسوننەت لە نێوان هەردوو ڕوکنی یەمانی و حەجەر ئەسود دا ئەم نزایە بخوێنێت ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾ [ البقرة: ٢٠١ ] , وە بەشەکەی تری تەوافدا هەر دوعا ونزا وپاڕانەوەیەك کە خۆی پێی خۆشە بۆ خۆی و خزم وکەسوکار و سەرجەم موسڵمانان با بیکات، ئەگەر قەرەباڵغ نەبوو سوننەت وایە لە سێ شەوتی یەکەمدا بە هەروەلە تەوافەکەی بکات، لە چوار شەوتەکەی تردا ڕۆشتنەکەی ئاسایی دەکاتەوە، جا ئەگەر لێ بوویەوە لە هەر حەوت شەوتەکەی تەواف، بە پشتە ماڵەکەی شانی ڕاستیشی دادەپۆشێت کە پێشتر دەری خستبوو، دواتر بەرەوە مەقامی ئیبراهیم دەڕوات و ئەم ئایەتە دەخوێنێت : ﴿وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلّٗىۖ﴾ [ البقرة: ١٢٥ ] , وە دوو ڕکات نوێژی سوننەت لە پشت مەقامەوە ئەکات، لە ڕکاتی یەکەمدا پاش خوێندنی سورەتی ( **الفاتحة** ) سورەتی ( **الكافرون** ) دەخوێنێت وە لە ڕکاتی دووەمیشدا سورەتی ( **الاخلاص** )، خۆ ئەگەر هاتوو لەبەر قەرەباڵەغی یان هەر هۆیەکی تر نەیتوانی نوێژەکەی لەوێ بکات، ئەوا لەهەر شوێنێکی تری ناو مزگەوتی حەرام بۆی کرا دەتوانێت بیکات، ئەم تەوافەی کە باسمان کرد بە تەوافی ( **قدوم** ) دەژمێرێت بۆ ئەو کەسەی حەجی ( ئیفراد ) یان حەجی ( قیران ) ئەکات، وە بە تەوافی عومرەیە بۆ ئەو کەسەی کە حەجی ( تەمەتوع ) ئەنجام دەدات، پاش ئەوەی ئاوی

زەمزەم دەخواتەوە و کەمێکیشی لێدەکات بە سەری خۆیدا، پاشان ئەگەر بۆی کرا دەچێتەوە بۆ لای حەجەر ئەسوەد ودەستی لێ دەدات، وە ئەگەر بۆی نەکرا هیچ پێویست ناکات، پاشان ڕوو دەکاتە کێوی صەفا وکە نزیك بوویەوە لێی ئەم ئایەتە دەخوێنێت : ﴿ ۞ إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِۖ فَمَنۡ حَجَّ ٱلۡبَيۡتَ أَوِ ٱعۡتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَاۚ وَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَإِنَّ ٱللَّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ ﴾ [ البقرة: ١٥٨ ], دواتر بەرز دەبێتەوە بۆ سەر صەفا تاوەکو ماڵی خوا دەبینێت، وە ڕوو دەکاتە قیبلە و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە وسێجار دەڵێت ( **الله أكبر** ) وپاشان ئەم ذیکرە سێجار دەخوێنێت : ( **لا إله إلا الله وحده لاشريك له, له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير, لا أله إلا الله وحده, أنجز وعده, ونصر عبده, وهزم الأحزاب وحده** ) لەنێوان ئەم ذیکرەدا نزا وپاڕانەوە زۆر دەکات، دوای ئەوە لە صەفا دێتە خوارەوە وڕوو دەکاتە کێوی مەروە، جا کە گەیشتە میلە سەوزەکە ڕۆشتنەکەی خێراتر دەکات تا دەگاتە میلە سەوزەکەی تر، ئەمەش بۆ پیاوانە نەك ئافرەتان، دواتر ڕۆشتنەکەی ئاسایی دەکاتەوە تا دەگاتە کێوی مەروە وسەر دەکەوێت بۆ سەر کێوەکە وئەوەی لەسەر کێوی صەفا ئەنجامیدا لەوێش دووبارەی دەکاتەوە، ئەگەر ئەمەی تەواو کرد واتا : شەوتێکی تەواو کردووە، وە ئەگەر لە مەروەشەوە ڕۆشتەوە بۆ صەفا ئەوە شەوتێکی تری تەوا کردووە، بەو شێوەیە حەوت شەوت تەواو دەکات، لە صەفاوە دەستی پێکرد و لە مەروەوە تەواو دەبێت، ئەوەی کە ووتمان سەعی نێوان صەفا ومەروەی پێی دەوترێت، جا ئەو کەسەی کە حەجی (ئیفراد) و ( قیران ) دەکات لە ئیحرامەکەیدا دەمێنێتەوە ئیحرام ناشکێنێت، بەڵام ئەو کەسەی کە حەجی ( تەمەتوع ) دەکات پاش تەواو بوونی سەعی صەفا ومەروە تەحەلول دەکات، واتا : بەسەر تاشین یان کورتکردنەوەی ئیحرامەکەی دەشکێنێت، دەرەدامان و پشتە ماڵەکەی لەخۆی دەکاتەوە وجلوبەرگی ئاسایی خۆی لەبەر دەکاتەوە، ئیتر ئەوەی بۆی قەدەغە بوو لە موو کردنەوە لەخۆ و نینۆك کردن وبۆنی خۆش لەخۆدان وسەرجێی کردن لەگەڵ خێزاندا هەمووی بۆ حەڵاڵ دەبێتەوە، پاشن بەو شێوەیە دەمێنێتەوە تا ڕۆژی ( تەرویە ) هەشتەم ڕۆژی مانگی ( ذي الحجة )، جا ئەو کەسەی

که حەجی تەمەتوع دەکات لە جێگای مانەوەی خۆی نیەتی ئیحرام دەهێنێت و پشتە ماڵ و دەرەدامانەکەی لەخۆ دەئاڵێنێت، هەروەها ئەوانەشی خەڵکی مەککە ونزیك مەککەن هەر لەماڵی خۆیانەوە ئیحرام دەبەستن، وە سوننەتە ئەو کارانەی کە ئەنجامیدا لە میقات لەخۆشتن و خۆپاکردنەوە لە مووی زیادە وبۆنی خۆش لەخۆدان ئەنجامی بدات، وپاش ئەوەی نیەتی ئیحرام بهێنێت وبڵێ **( لبيك اللهم حجا )**، دواتر سەرجەم حاجیان بەدەم ووتنەوەی ذیکری **(لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك )** بەرەو مینا هەنگاو هەڵدەگرن، و نوێژەکانی ئەو ڕۆژەیان نوێژی نیوەڕۆ و عەسر و شێوان وخەوتنان لە مینا ئەنجام دەدەن، هەر نوێژێك لە جێگای خۆیدا، بەڵام نوێژە چوار ڕکاتیەکان کوورت دەکەنەوە بەبێ کۆکردنەوە، وئەو شەوە لەوێ دەمێننەوە، دواتر وپاش نوێژی بەیانی وهەڵهاتنی سپێدە وگزنگی ڕۆژی نۆیەمی مانگی ( ذي الحجة ) حاجیان هەر هەموویان بەرەو عەرەفە دەکەونە ڕێ، خۆ ئەگەر هاتوو لەلای مزگەوتی ( نەمیرە) وە کاتی نیوەڕۆ بڕواتە ناو عەرەفەوە باشترە، جا کاتێك ڕۆژ لەناوەڕستی ئاسمان لایدا ووتاربێژ یان وەکیلەکەی ووتارێکی کورت دەخوێنێتەوە، پاشان نوێژێ نیوەڕۆ و عەسر بە کورتکراوەیی و کۆکراوەیی ئەنجام بدات لەکاتی نوێژی نیوەڕۆدا، پاشان کە تەواو بوو دەچێتە ناو سنوری عەرەفەوە، وە واجبە لەسەر حاجی کە تەواو دڵنیا بێت لەچوونە ناو عەرەفەوە، ودواتر ڕوو دەکاتە قیبلە ولەو ڕۆژە پیرۆز وگەورەیەدا دەستەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و زۆر بەزەلیلی نزا و پاڕانەوە و تەلبیە وذیکر وحەمد وثەنای خوا دەکات، وە باشترین ذیکرێکیش کە زۆر دوبارەی بکاتەوە وبیڵێتەوە ووتنی **( لا إله إلا الله وحده لاشريك له, له الملك وله الحمد, وهو على كل شيء قدير )** وە نابێت لەو ڕۆژەدا حاجیان بەڕۆژوو بن، چونکە ڕۆژوگرتن کەمهێز ولاوازیان دەکات بۆ زیاتر عیبادەت کردن و ذکیر ویادی خوای گەورە، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت لە وەستان ومانەوە بەزەلیلی لەبەردەم خوای گەورە وعیبادەت کردن تا ڕۆژئاوا دەبێت، جا کاتێك کە تەواو دڵنیا بوو لەوەی ڕۆژئاوا بووە، بەهێمنی ولەسەر خۆیی بەدەم ووتنەوەی

ذیكری ( لبیك اللهم لبیك .... ) لە عەرەفە بەرەو موزدەلیفە دەردەچێت، جا كاتێك گەیشتە موزدەلیفە نوێژی شێوان وخەوتنان بە قەصر و جەمع دەكات، لاواز وپیر وپەككەوتەكان رێگایان دراوە كە شەو لە موزدەلیفە دەربچن، بەڵام كەسانی گەنج وبەهێز لەوێ دەمێننەوە تا نوێژی بەیانی دەكەن، پاشان حاجی ڕوو دەكاتە قیبلە وزۆر ذیكری **( الحمد لله )** و **( الله أكبر )** و **( لا إله إلا الله )** دەڵێتەوە، تاوەكو دونیا بە تەواوەتی ڕوناك دەبێتەوە، پاشان پێش ڕۆژهەڵهاتن لە سەرخۆ وبەدەم ووتنەوەی تەلبیە كردنەوەوە لە موزدەلیفە دەست دەكات بەڕۆشتن بەرەو مینا، لە ڕێگا حەوت بەرد هەڵدەگرێت بۆ ڕەمی جەمەرەی ( عەقەبە )، جا كە گەیشتە جەمەرەی ( عەقەبە ) بەو بەردانەی هەڵیگرتبوو ئەو جەمەرەیە ڕەمی دەكات، لەگەڵ وەشاندنی هەر بەردێكدا **( الله أكبر )** دەكات، ئیتر دوای ئەوە واز لە ووتنەوەی **( لبیك اللهم لبیك .. )** دەهێنێت، پاشان هەدیەكەی سەر دەبڕێت وسوننەت وایە لەگۆشتەكەی بخوات، دوای ئەوە سەری دەتاشێت، وپاشان تەوافی ئیفاضە وسەعی نێوان صەفا ومەروە دەكات ئەگەر هاتوو نیەتی تەمەتوعی هێنابوو، هەروەها ئەگەر موفرد و قارنیش بوو، بەڵام لەگەڵ تەوافی قدومدا سەعی نێوان صەفا ومەروەی نەكردبوو، سوننەت وایە ئەم كارانەی كە باسمانكردن بە تەرتیب و یەك لەدوای یەك بن، سەرەتا ڕەمی جەمەرەی عەقەبە وپاشان هەدی سەربڕین ودواتر سەرتاشین یان كورتكردنەوەی، بەڵام ئەگەر هاتوو یەكێكیانی پێشخست بەسەر ئەوەی تریاندا هیچ گرفتێك نیە وقەیناكات، وە ئەگەر هاتوو دووانی ئەنجامدا لەم سیانە : ڕەمی جەمەرەی عەقەبە وسەرتاشین یان كورتكردنەوە، وتەواف لەگەڵ سەعی صەفا ومەروە، ئەگەر سەعی لەسەر بوو، ئەوا تەحەلولی یەكەمی كردووە و هەموو شتێكی بۆ حەڵاڵ دەبێت كە پێشتر بەهۆی چوونە ناو ئیحرامەوە لەسەری قەدەغە كراو بوو، جگە لە سەرجێی خێزانی نەبێت، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو سێ كارەی كە باسمانكردن هەمووی ئەنجامدا ئەوا تەحەلولی گەورەی كردووە و هەموو شتێكی بۆ حەڵاڵ دەبێت بە سەرجێی كردن لەگەڵ خێزانی خۆیشی، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ مینا وشەوانی یازدە ودوازدە واجبە لەوێ بمێنێتەوە، ڕۆژی

یازدەی مانگی ذي الحجة کە دەکاتە دووم ڕۆژی جەژن ڕەمی هەر سێ جەمەرەکەی دەکات لە جەمەرە گچکەکەوە دەست پێدەکات پاشان جەمەرەی ناوەڕاست ودواتریش جەمەرەی گەورە، هەر دانەیەکیان بە حەوت بەرد، بەهەمان شێوە ڕۆژی دوازدەی مانگیش کە دەکاتە سێهەم ڕۆژی جەژنی قوربان بە تەرتیب ویەك لەدوای یەك هەر سێ جەمەرەکە یەکی بەسێ بەرد ڕەمی دەکات، دەبێت ئەوەش بزانین کاتی ڕەمی کردن لە پاش نوێژی نیوەڕۆوە دەست پێدەکات کە پێی دەڵێن دوای زەوال تا نوێژی هەڵهاتنی سپێدەی بەیانی ڕۆژی دواتر، جا کاتێك کە ڕەمی جەمەرە گچکەکەی کرد سوننەتە کەمێك بچێتە پێشەوە بەلای ڕاستدا وڕوو بکاتە قیبلە ودەسەکانی بەرز بکاتەوە ونزا وپاڕانەوە بکات، پاشان کە ڕەمی جەمەرەی ناوەڕاستیشی کرد سوننەتە کە کەمێك بەلای چەپدا بچێتە پێشەوە وڕوو بکاتە قیبلە وزیاتر بە پێوە بوەستێت و دەسەکانی بەرز بکاتەوە ونزا وپاڕانەوە بکات، بەڵام دوای ڕەمی جەمەرەی عەقەبە بۆ نزا وپاڕانەوە کردن ناوەستێت، جا دوای هەموو ئەمانە ئەگەر وویستی کە پەلە **(تعجل)** بکات وڕۆژی سیازدەهەمی ذي الحجة لە مینا نەمێنێتەوە، ئەوا دەبێت پێش ڕۆژئاوابوونی ڕۆژی دوازدەیەم لە مینا دەربچێت، جا ئەگەر هاتوو بەئارەزووی خۆی لە مینا مایەوە و ڕۆژی لێ ئاوا بوو واجبە شەوی سیازدەیەمیش لە مینا بمێنێتەوە، جادواتر ئەگەر وویستی شاری مەککە بەجێ بهێڵێت ئەوا واجبە لەسەری تەوافی ماڵئاوایی **( طواف الوداع )** بکات، وئەو تەوافەشی کۆتا کارێك بێت کە لە مەککە ئەنجامی دەدات، بەڵام هێندە هەیە تەوافی ماڵئاوایی لەسەر ئەو ئافرەتانە واجب نیە کە لە سوڕی مانگانە یان لە خوێنی زەیسانی ومناڵ بوندان .

لەکۆتایەوە لەخوای گەورە داواکارم حەجی ماڵە پیرۆزەکەی خۆی بکات بە نسیبی هەموو خوشك وبرایەکی باوەڕدارم، ئامین یارب العالمین ..

وصلی اللە وسلم علی سیدنا محمد وعلی آلە وصحبە وسلم تسلیما